# بەشداری پارتی لە شەڕی حاجی ئۆمەران لە نێوان مەسعود بارزانی و سەید کاکە!

عەلی مەحمود محەمەد

تەنانەت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێرانیش هەموو دوبارەی دەکەنەوە کە پارتی شەریکە ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی فەجری دوو بووە, بە پێچەوانەی زۆرینەوە, مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەو کات و ئێستا, هاشا لەوە دەکات بەشداری ڕاستەوخۆی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوویان کردبێت, وەلێ هەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە ئاگاداری پەلامارەکە بوونە و هەماهەنگییان لە دوو قۆڵەوە بە قازانجی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو و کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە, لە بەرەی قەسرێ ناودەشت و سیدەکان, گرنتیان داوەتە کۆماری ئیسلامی ئێران لەم دوو قۆڵەوە بێخەم بن و دەیان پارێزن لە مەترسی پەلاماری سوپای عێراق, ئەوەی کەمترین هوشیاری کاری سەربازی هەبێت دەزانێت هەر ئەوەندە هەماهەنگی و بەشدارییە لە پرۆسەی جەنگ, بۆ هێرشی هێزێك بۆ ناو خاکێی ولاتێکی دیکە پاراستنی هێرش بەران لە دوو قۆڵ لە کۆی سێ قوڵ زۆر زیاتریشە لە بەشداریکردن, هێزی پەلاماردەر لە قولایی 16 کم دەورەدراوە بە هێزی وڵاتی هێرش بۆکراو کە لەوکاتەدا لە لوتکەی بەهێزی خۆیدا بوو.

هەندێك لە بەشداربووانی ئەوکاتی بەرەی ناودەشت پێیان وایە بەشێك بوونە لە بەرەی شەڕەکە ئەگەر لە ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران تاکە کەسێکیش بەشداری نەکردبێت, بەڵکە هاوکات و هاوتەنیشت بەرەیەکی دیکەیان کردۆتەوە لە مێژووی نوێی کورددا بە شەڕی قەندیلی دوو ناسراوە, بەڵام ساغبۆتەوە پارتی وەك چاوساغ و ڕێنیشاندەری کردووە لە حاجی ئۆمەران و هێزەکانی ئێرانی بردۆتە ناو قولایی خاکی عێراقەوە , بە قولایی 10 میل بۆ پشت سەنگەرەکانی حکومەتی عێراق لە بەرەی حاجی ئۆمەران و 24 کاتژمێر زووتر بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەی کردووە, دیارە بارزانی ئەمەش بە بەشداری لە جەنگ نازانێت, چونکە فیشەکی تێدا نەتەقێنراوە, لە

رووی سەربازییەوە کارەساتی خولقاندووە بۆ هێزەکانی عێراقی, هەموو دەزانین هێزەکانی پارتی لە روی چەك و مرۆییەوە لەوکاتە لە ئاستی ئۆپەراسیۆنێکی وادا نەبووە, ئەوەی هەیبووە شارەزایی و ناسینی خەڵکی ناوچەکە و زانیاری هەواڵگری بووە, شارەزایانە ئەمانەی بەکار هێناوە وەك راگەیاندنەکانی ئێرانی ئاماژەی پێ دەدەن.

بارزانی لە یاداوەرەکانیدا دەنووسێت "بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشار لەسەر بەرەکانی ناوەراست و باشوور, ئێران بریاری دا بەرەیەکی نوێ لە میحوەری حاجی ئۆمەران بکاتەوە لە ژێر ناونیشانی ( وەلفەجری دوو), بۆ ئەم مەبەستەش پلانی گرتنی بەرزاییەکانی حاجی ئۆمەرانی دارشت, بە پێی پلانەکە هێزەکەیان تا گەلاڵە دادەبەزین بە مەبەستی کردنەوەی رێی قەسرێ بۆ ناودەشت.

سەرهەنگ شیرازی و موحسین رەزایی سەردانی خانێیان کرد, بە مەبەستی باس و گفتوگۆ لەسەر پلانەکەیان و داوای چاوپێکەوتنی منیان کرد. لەبەشێکی دیدارەکەدا داوای بەشداری پێشمەرگەیان لە هێرشەکەدا کرد, لە وەڵامدا بۆم روون کردنەوە کە پێشمەرگە ناتوانێت راستەوخۆ بەشداری لە هێرشەکەدا بکات, چونکە هێزی گەورە, ئیمکاناتی پێویست و ئەزموونی شەری سەربازیی گەورەمان نییە, شەری ئێمە شەری پارتیزانییە.

پێشم گوتن, ئێمە هێز دەنێرین بۆ ناوچەی ناودەشت و بەمەش ئێوە لە لایەکی بەرەی شەر دڵنیا دەبن و بۆ ئێمەش دەرگایەکی گەورە بەرەو ناوچەکانی رەواندز و قەڵادزێ دەکرێتەوە و ......, لە لای بەرەی رۆژئاواش, واتا لای سیدەکان, هێزمان هەیە و هەر هەرەشەو مەترسییەك لەو دوو رێیەوە بۆتان بێت, پێشمەرگە بەریان پێ دەگرێت و رووبەروویان دەبێتەوە, چونکە دیار بوو مەترسیی ئەوەیان هەبوو لە دوو لاوە هێرشیان بکرێتە سەر, بۆیە بەم وەڵامەی من زۆر خۆشحاڵ بوون. هەروەها پێم گوتن کە بۆ ناوچەی ناودەشت لە رووی لۆجستیکەوە زۆر دوورەو کاتێکی باشی پێویستە تا رێی قەسرێ دەکرێتەوە, بۆیە ئەگەر ئێوە لە رووی گواستنەوەی بریندارو گەیاندنی پێویستییەکان بە هێلیکۆپتەر یارمەتیمان نەدەن, بە مانای ئەوەیە لەو بەرەیە تووشی کارەسات دەبین.

بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی جود قسەمان کرد, لە مەکتەبی سیاسی پارتیش کۆبوونەوە کرا, هەموویان پێیان خۆش بوو هێزی جوود بچێتە ناوچەی ناودەشت. بڕیار بوو ئەگەر یەکێتیش رێی پێگرتن, لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حشع و حسك لە بەهاری 1983 کردبووی, تۆڵەی خۆیان لە یەکێتی بکەنەوە, کە دەیان پێشمەرگەی دیلی لێ شەهید کردبوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە کاك ئیدریس لە لایەن جودەوە سەرپەرشتی هێرشەکە بکات" لێرەدا ئایا بارزانی ئەنجامی کۆبوونەوەی خۆی لە گەڵ ئێرانییەکان بۆ لایەنەکانی بەرەی جود باس کردووە؟؟".

لەسەر وردەکاری پلانەکە, ناکۆکی کەوتە نێوان ژمارەیەك بەرپرسی سوپای پاسداران و جەیشی ئێرانەوە, کە نا کامڵ و لە خۆبایی بوون. کەسێکیان بەناوی رەبیعی گوتی: هەزاران پاسدار شەهید بێت بۆتان گرنگ نییە, بەڵام ناتانەوێت پێشمەرگەیەك خوێنی لێ بێت. منیش بە توندی وەڵامم دایەوە, دواتر هەمووو رەخنەی توندیان لە رەبیعی گرت. بەشداربوانی کۆبونەوەکە بریتی بوون لە سەرهەنگ ستاری, نوێنەری جەیش, سەرهەنگ جەلالی, نوێنەری لەشکری 64ی ورمێ و ئیستەکی, نوێنەری سوپای پاسداران).

رۆژی 20-7-1983, هێرشی ئێران بۆ بەرزاییەکانی باکوور و باشوور و رۆژئاوای حاجی ئۆمەران دەستی پێکرد. سەرەتا لە زۆر شوێن سەرکەوتنی بە پەلەیان بە دەست هێنا و بەرزاییەکانیان گرت, بەڵام لەناو خودی حاجی ئۆمەران و شەقامەکانی بۆ دەربەند, عێراق بەرگرییەکی توندی کرد, بەڵام دوای شەڕێکی قورس حاجی ئۆمەران تا رایات و بەرزاییەکانی بەتەواوی کەوتنە دەست ئێران. دوای گرتنی ناوچەکە هەر زوو ناوی شوێنەکانیان گۆڕی و ناوی خۆیان لەسەر دانا, کە من بەم کارەیان نیگەران بووم و لە کۆبوونەوەی رۆژی 30-7-1983 لەگەڵ شیرازی و موحسین رەزایی ناڕەزایەتییەکی توندم نیشان دا, داوام لێ کردن رێنمایی و ئامۆژگاری بە هێزەکانیان بدەن واز لەم کارەیان بێنن و بە کردەوەش کردیان. ئێران نەیتوانی لە رایات بچێتە خوارتر, بەهۆی ئەم شەڕەوە خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکە ئاوارە بوون . بارزانی و بزووتنەوەی

رزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان - ل 202, 203, 204".

پێی دەچێت پارتی و ئێران بۆ ئۆپەراسیۆنەکە ژووری عەمەلیاتی هاوبەشیان پێك هێنابێت, دەنا کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوە چۆن وا بە سانایی و زویی رێکدەخرێت؟؟, ئەگەر پارتی بەشدار نییە چ پێویست دەکات بەم هەموو کۆبونەوانە, لە لایەکی دییەوە ئەو مێژووەی بارزانی دیاریکردووە بۆ کۆبونەوەی دووەم و ناڕەزایی دەربڕین بۆ گۆڕینی ناوی شوێنەکان لە لایەن ئێرانەوە هەڵەیە, راستە لە 20ی یۆلی ئێرانینیەکان و پارتی بەناو هێزەکانی بەعسدا 24 کاتژمێر زووتر چوونەتە پشت بەرەی شەڕەوە, لێ هێشتا تەقە دەستی پێ نەکردووە, شوێنەکان هەموو بەدەست عێراقەوەن, لە کاتژمێری یەکەمی هەینی رێکەوتی 22-7-1983 شەڕ دەستی پێکردووە, بۆ گۆڕینی ناوی شوێنەکانیش کەوتۆتە دوای رێکەوتی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکەوە, بۆیە ئەو کۆبونەوەیە دوای ئەو مێژووە ئەنجام دراوە کە بارزانی ئاماژەی پێی داوە لە یاداشتەکەیدا.

لە هەمان کاتدا ئەگەر بەشدار نین لە ئۆپەراسیۆنەکە, پێویست بە ناڕەزایەتی دەکات لە گۆڕینی ناوی تەنانەت چیاکانیش؟.

"هێزەکانی ئێران لە لایەن شیرازی و موحسین رەزاییەوە فەرماندەیی دەکران, هێزەکانی عێراقیش لە لایەن فەریق روکن , نەعمە حوسێن فارس ئەلمحیاوی, فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە سەرپەرشتیی دەکران. سەددام خۆیشی سەردانی دیانای کردبوو, لەم شەڕە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێنا.

لە بەرەی ناودەشتیش کە هێزەکانمان چەندین جار کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەکانی عێراق, ئێران بە هیچ شێوەیەك هاوکاریی نەکردین. لە رۆژی 6ی ئاب هێزەکانمان بە چڕی بۆردومان کران و دوو پێشمەرگە شەهید بوون و سێیش بریندار بوون . بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان- ل 205". بارزانی ئاماژە بەوە ناکات,

هێزەکانی ئەوان کێ فەرماندەیی دەکرد؟, شوێنی فەرماندەییەکە کوێ بوو؟.

" هەرچەندە شکستەکەی سەددام بەرانبەر بە ئێران, شکستێکی گەورە نەبوو, بەڵام کردی بە بیانوو بۆ تاوانە مێژووییەکەی بەرانبەر بە بارزانییەکان و لە رۆژی 31 تەمووزی 1983 دا هەشت هەزار کەسی بارزانی لە تەمەنی 12 تا 90 ساڵان جینۆساید کرا. بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان-ل 206.".

لەوکاتەدا کە ئێرانییەکان لە فەجری یەك لە باشوور بە سەخی تێك شکابوون, سوپای ئێران دەهێنرێتە پشت جەبهەوە بە قەولی ئێرانییەکان, پانتاییەکی 380 کم چوارگۆشە لەو ناوچە سەختە داگیر دەکرێت, زیاتر لە 4000 کوژراو بریندار و سەدان دیل دەدرێت, تەرزێکی نوێ لە جەنگ لەناو خاکی عێراق دادەهێنرێت, بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێرانو بە بروای کاك مەسعود بارزانی شکستێکی گەورە نەبووە؟, هەرچەندە هیچ بهانەیەك بۆ جینۆسایدکردنی ئەو بارزانییە سڤیلانە نەبووە, هیچ رۆڵێکیان لەو ئۆپەراسیۆنەدا نەبووە, ئەوەی کرا بڕیاری مەرگی دەرەوەی پرۆسەی دادگاو جینۆسایدێکی عیار 24 بوو.

دیارە بارزانی ئاگای لەوە نییە لەم شەڕەدا داهێنانی کردووە, بەوەی جەنگی ئێران عێراقی هێناوەتە ناو خاکی عێراقەوە, بە تایبەتیش ناو کوردستانەوە, بۆتە ماڵوێرانی بۆ ناوچەیەکی بەرفراوان لانی کەم 43 گوند و شارە دێ , بووە سەرەتایەك بوو بۆ وێرانکردنی کوردستان و سوتاندنی لە ئاگری جەنگی کۆنەپەرستانەی ئێران عێراقدا. بەو کارەی هێزە چەکدارەکانی لە خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی کردۆتە هێزێکی ئاراستەکراو لە لایەن ئێرانەوە.

بارزانی دەزانێت ئەمەی ئەو دەیکات ئینکارکردنە لە بەشداری لە جەنگێك بۆتە هۆکاری تاوانێکی مەزن, ئیتر قوربانییەکان چی ئەو بن گرنگ نییە, بۆ مرۆڤایەتی, گرنگ هەڵەی ئەو هۆکار بووە بۆ تاوانەکە و پێویستە دان بە راستییەکاندا بنێت و داوای لێبوردن لە قوربانییەکان وخەڵکی ناوچەکەو هەموو زیان لێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنەکە بکات و بە سامانی پارتەکەی

قەرەبووی مادییان بکاتەوە, وە تەواوی دۆکۆمێنتەکانی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنەکەو زانیارییەکانی ئاشکرا بکات, کاتێکیش دوای سێ بۆ پێنج ساڵ هەمان پرۆسەو کار چەندین جار دووبارە دەکاتەوە, ئەمجارە لە گەڵ ینك و حسيك و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبولاکان, دەربڕی ئەوەیە ژیانی خەڵکیان بۆ گرنگ نەبووەو قوماریان بە چارەنووسی گەلەوە کردووەو پەندیان لەو شکستە گەورەیە وەرنەگرتووە.

سەید کاکە پارتی بەشداری کردووە؟

سەید کاکە یەکێك لە فەرماندە مەیدانییەکانی ئەوکاتی حسك و ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت".... حیزب "مەبەستی حسيك ە"منیان نارد بۆ ناوچەی حەسارۆست هەرێمی 9ی باڵەکمان لەوێ بوو ئەحمەد فەقێ رەش بەرپرسیان بوو ماڵ و منداڵی لەوێ بوون, کە چووم بارودۆخەکە زۆر باش بوو چەند شەڕێکمان لەگەڵ رژێم کرد. هەر لەو کاتەدا ئێران هێرشی کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران ئێمە لەسەر شاخی بەردبووك بووین تەماشای ئەو شەڕەمان دەکرد چونکە شاخی بەردبووك لە ناوچەی چۆمان و حاجی ئۆمەران و رایات و ئازادی و زینوێی لێ دیاربوو سوپای عێراق زۆر بەرهەڵستیان نەکرد حاجی ئۆمەران و زیوێ و خەلان و ئازادی و رایات لە لایەن ئێران گیران و پارتی 50 پێشمەرگەیەکیان لە گەڵ بەشی ئێران بوو تەنیا بۆ شارەزایی هاتبوون و شەڕیان نەدەکرد, بەلام هەندێك چەکی هەردوو لایان " عێراق و ئێران" یان بۆ خۆیان کۆکردەوە و زۆر کەس لە پاش گرتنی حاجی ئۆمەران و ناوچەکە پڕوپاگەندەیان دەکرد دەیانگوت پارتی دەوری باشی هەبوو. ل 344-345 بیرەوەری پێشمەرگەیەك - سەید کاکە- چاپی چوارەم 2020.

سەید کاکە وەك شایەد حاڵێك و بینەرێکی هێرشەکە دان بەوەدا دەنێت کە پارتی بەشداری شەڕەکەی کردووە وەك شارەزاو چاو ساغ, وە دەستکەوتیشیان هەبووە.

له روی سەربازییەوە شارەزاو چاوساغی رۆڵی کاراترە له بەشداری سەربازی نە شارەزا بە تایبەت لە ناوچەیەکی سەختی وەك حاجی ئۆمەران, بۆ ئێرانییەکان ئەو شارەزایانە رۆڵی زیاتر لە سەدان جاری نا شارەزاکانیان بینیووە لە ئۆپەراسیۆنەکە.

ئەگەر پارتی بە یەك کەسیش بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەی کردبێت, هاتبێتە ناو سنووری گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکەوە, وە کارێکی دیاری کراوی لە بەرژەوەندی لایەکی شەڕکەرەکان بینیبێت ئەوا بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەی کردووە لە رووی پراتیکەوە.

کۆماری ئیسلامی لە جەنگدا شەپۆلی مرۆیی لە پەلامارەکانی بەکار دەهێنا بۆ تەقاندنەوەی کێڵگەی مینەکان و بڕینی سەنگەرەکانی پێشەوەی سوپای عێراقی, هێزی زۆر بوو وە پێویستی بە چەکداری پارتی نەبوو لە بەرەی جەنگ, بۆ ئەو ئەوە گرنگ بوو ئەو چاوساغانە 24 کاتژمێر زووتر, هێزەکانیانیان بردە پشت سەنگەرەکانی پێشەوەی سوپای عێراق و ئامادە کران بۆ چرکە ساتی هاوارکردنی ئەلاهو ئەکبەر و راگەیاندنی سەرکەوتن, لە رووی سەربازییەوە ئەوە گەورەترین کار بووە لە مەودای ئۆپەراسیۆنەکە کرابێت, خودی ئێرانییەکانیش لە لێدوان و نووسینەکانیان ئەو دەست راکێشانە بە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە دەزانن.

ئەی پرۆفیسۆر عەلی تەتەر چی دەڵێت؟

بە پێی ئاماژەی دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگاری ئێستای شاری دهۆك بێت لە وتارێك بەناوی " حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان"

se&https://www.facebook.com/photo.php?fbid=397558890345662
relevant&type=1&t=a.168423243259229.26111.165422603559293
count=1 "کە لەساڵی 2013 لە ژمارە 940ی گۆڤاری گوڵان بڵاوی

کردۆتەوە, پارتی بەشداری ئەو شەڕەی نەکردووە, ئەو هەڵوێستەکەی لە وتەی پێشووتری بارزانی وەرگرتووە, نەك ئەنجامی لێکۆڵینەوەو شیکاری پرۆفیسۆرێك بێت لێکۆڵینەوە لە روداوێکی مێژوویی بکات بۆتە هۆکاری کردەیەکی جینۆسایدر, ئەو دەنووسێت" مەسعود بارزانی دەڵێت:" ساڵی ١٩٨٣ ئێمە لە شەڕی حاجی ئۆمەران بەو شێوەیەی کە حکومەتی عێراق باسی لێدەکرد بەشداریمان لەو شەڕەدا نەکردبوو، هێزەکانمان لە ناوچەی (ناودەشت) بوون و بەرەی شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو و ورژاندنی بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان لە جەنگدا، تەنیا بیانوویەك بوو بۆ بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان.«"لێرە پرۆفیسۆر تەتەر وەك شایەدحاڵێك قسە ناکات راستییەکان دەربخات, بەڵکە وەك داکۆکیەرێك بەرگری لە وتەی سەرۆکەکەی دەکات.

بە وتەی دکتۆر عەلی تەتەر بەڕێز مەسعود بارزانی ساڵی دواتریش دوبارە نکۆڵی لە بەشدارییکردنیان لە فەجری دوو کردۆتەوە, کە دواتر فەتحیشی بۆ زیادکرا "مسعود بارزانی لە پاییزی ١٩٨٤ لە وەلامی پرسیارێکی گۆڤاری (ئەلحوریە)دا کە ئایا ئەوان لە گرتنی حاجی ئۆمەران هاوکاری ئێرانیان کردبوو؟ لە وەلامدا وتبووی: ئێران هێزێکی زۆری مرۆڤی هەبوو و پێویستی بە هێزی ئەوان نەدەکردو ئەو قسانەی کە لەسەر زاری سەدام حوسێن بلاوبووەوە تەنیا بیانوویەك بوو بۆ بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان. ".

بەڵگەیەکی دی کاك دکتۆر تەتەر بۆ بەشدارینەکردنیان ئەوەیە" هەتا حکومەتی ئێران بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیەی نەدابووە دەست پارتی، لە کاتێکدا کە ناوچە و دەوروبەری لە ژێر کاریگەری پارتیدا بوون، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیەکەی دابووە دەست هێزەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی.", ئەم بەڵگەیەش بۆ پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر زۆر لاوازە, قوتابی من بوایە سفرم دەدا پێی, خۆ دواتر لە هەڵەبجەش ئێران هەر وای لێیان کردەوە, ئێران تەنها وەك مقاش و کرێگرتە ئەوانی بەکار دەهێنا, نەك بیانکات بە شەریك و حوکمڕان و سەرداری ناوچەکانیان, لەوەش زیاتر بەعس بە بەعسی خۆی ناوی چیاو بەرزاییەکانی ناگۆڕی, کەچی ئێران لە یەکەم

چرکەی داگیرکردندا ناوی دەوروبەری حاجی ئۆمەرانی کردە شەهید سەدر.

ناودەشت خۆ لە بەتلیس نییە, بە چاو شەڕەکە ئەبینن ئەگەر لە بەرزاییەکانی گابەڵەك و سەری پایەو زینوێی گەز گەزەوە سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکە کرا بێت, لێ جەنابی پرۆفیسۆر نە ئاگای لە جوگرافیایە, نە مێژوو, نە شارەزای کاری سەربازیشە, لە هەمووشی خراپتر میتۆدی زانستی لێکۆڵینەوە نازانێت یان پەیڕەوی نەکردووە لە لێکۆڵینەوەکەی بۆ گەیشتن بە راستییەکان نەك بەرگریکردن لە سەرۆکەکەی.

لە کۆتاییدا پێویستە راستییەکان ئاشکرا بکرێن,نکۆڵی لە حەقیقەت نەکرێت, دان بە هەڵەکاندا بنرێت و لە یاداشتەکاندا راستییەکان بووترێت وە قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی فەجری دوو بکرێتەوە.

لەسەر ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو ناسراو بە هێرشی حاجی ئۆمەران دەبوایە ئێستا کۆمەڵێك زانیاری لە بەردەستدا بوایا, کە بۆ راڤە کردنی هەمە لایەنەی ئۆپەراسیۆنەکە پێویستن, وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بە سانایی لە ئەرشیفدا جنگ بکەوتنایە کە دەکرێن, ئەرکی پارتییە سەرەتا داوای لێبوردن بکات لەو نکۆڵی کردنەی لە بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنەکە تا هەنووکە کردویەتی, بە دوایدا راستییەکان ئاشکرا بکات سەبارەت بە پرۆتۆکۆڵی واژۆکراوی نێوان پارتی و ئێران بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە و ئەو هێرشە سەربازییە هاوبەشە, ئایا ئەندزیار و خاوەند بیرۆکەی کارەکە کێ بوو؟ ئەدی واژۆی رێکەوتننامەکە کێ کردی؟, بەرپرسی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازییەکانی کێن؟, هێزەکانی بەشداربوو کامانەن ؟, چەند بوون ؟ لەسەر چی رێك کەوتن؟, چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارە سەربازییە ؟؟ روداوەکانی ناو بەرەکانی جەنگ؟, دەستکەوت و زیانەکانی پارتی؟, قوربانی و بریندار وشەهیدەکان, کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکە لەسەر ناوچەی جەنگەکە؟, زیانی گیانی و مادی هاوولاتیانی سڤیلی ناوچەکە؟, رۆڵی پارتی و فەرماندەکانی لە پەلامارەکە ؟؟, چۆنیەتی بەشداریردنیان لە ئۆپەراسیۆنەکە؟ بەشدار بوون لە بەرەکان یان تەنها کاری چاوساغی و

هەواڵگرییان دوور بەدوور دەکرد؟, هەڵوێستیان لە سەر پێشمەرگەکانی ڕۆژ هەڵات چی بوو؟, پابەندبوونی ئێران بە ڕێکەوتنەکانەوە؟ سەبارەت بە هەموو ئەم پرسیارانە نە بە بەڵگە نامە وە نە یاداشتنامە و وتاری بەرپرسانی بەشدار بووی ئۆپەراسیۆنەکە, وە هەڵسەنگاندنی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا...هیچ زانیاریەك لە بەردەستدا نییە, بۆیە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم پەلامارە بەهۆی ئازاد نەکردنی زانیاریەکانەوە زۆر سەختە, ئۆباڵیش لە ئەستۆی پدك ە, نەبوونی هەموو ئەم زانیاریانەو شاردنەوەیان لە مێژوو وامان لێ ناکات بڵێین پارتی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەی نەکردووە, وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن, بەڵکە نووسراوەکانی ئێرانی و بیانی و ئاماژەکانی کەسایەتیەکان ناوخۆو خەڵکی حاجی ئۆمەران دەیسەلمێنن پارتی بەشدار بووە.

ئامانجی پارتی چی بوو لە بەشداریکرنی؟

پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنی فەجری 2, لە لایەکەوە دڵسۆزی خۆی سەلماندەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەو کاتە پەیوەندیەکانیان لە مانگی هەنگوینی شیرنتر بوو, لە ڕێگەی ئەو کارەوە شەرعیەتی مانەوەی لە ئێران و هاوکاریکردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە توندوتۆڵتر و تازەکردەوە, کە لەو رۆژگارە دەرکردنی پارتی ببوە خاڵێکی بەرنامەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە گفتوگۆکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران, هەروەها پێشتر لە ناوچەکانی پیرانشارو شنۆو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ زۆر چالاکی هاوبەشیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دابوو, ئەو چالاکیانە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ریزبەندی ناوخۆیی بوو, لە لایەکی دیکەوە پارتی دەیەویست تۆڵەی خۆی لە ینك بکاتەوە کە 86 ڕۆژ لەوەپێش لە دوا سەنگەر لە قەڕناقاو پشت ئاشان دەرکران, شەڕی حاجی ئۆمەران هاوکات بوو لە گەڵ شەڕێکی دی بەناوی قەندیلی 2, کە ناوچەکانیشیان هاوسنووری یەکترن کە ناوچەی دەشتێوە.

ئەمەو دەڤەری حاجی ئۆمەران ناوچەیەکی ستراتیژی سەربازی گرنگ و ناوچەی قەڵەمڕەوی ینك بوو وەك پشتیوانی جەماوەری, لێ هاوسنوور بوو لەگەڵ ناوچەکانی قەڵەمڕەوی پارتی و حسك, پارتی بەسانایی دەیتوانی پاش جەنگ کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات و بیخاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی, کە شوێنی سەرکردایەتی پارتی بوو لە بزاڤی چەکداری ئەیلولدا, هیلتەرمان ئاوا باسی ئەم لایەنەی ئاماژەمان پێی دا دەکات (( پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان, بە جارێ عێراقییەکانی نیگەران کردبوو, لە پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی1975دا, سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان (کە لە مەلا مستەفاوە چووبووە لای ئیدریس و مەسعودی کوڕی) بە ئاوارەیی لە ئێران دەژیان, دەستدرێژی عێراق, هیوای بە (پ د ك) پەیدا کردەوە لە ساڵی1983دا پاڵپشتییەکی چالاکانەی شەڕی هێزەکانی ئێرانی دەکرد وەك ڕێنماو شارەزایی زانیاری تەواوی بارزانیەکان, بە تایبەت لەسەر ناوچەی عەشیرەتی برادۆستی کە هاوسنوور بوون لە گەڵیان, یارمەتییەکی گەورە بوو بۆ ئێرانییەکان, کە توانیان لە کۆتایی تەمووزدا حاجی ئۆمەران و دەوروپشتی بگرن, کوردۆسمان واگنەر ڕاپۆرتی ئەوە دەدەن کەوا ئێرانیەکان لەو کاتەدا نزیکەی دە میل هاتوونەتە ناو خاکی عێراقەوەو "سەربازگەی حاجی ئۆمەرانی سەر بە فەیلەقی یەك, بەرزاییە سەرەکییەکان و بنکەکانی تۆپخانە لە ناوچەکەدا, نزیکەی 43گوندی کوردنشین, بنکەیەکی سەرەکی حدکا و زۆربەی کەلو پەل و تفاقی جەنگیی حدکایان گرت" کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنەل39 )).

هاوکات پارتی لەو کاتەدا دەیەویست کێشکەیەکی دیکەش بە هەمان بەرد بکوژێت ئەویش لێدانی عەشیرەتی برادۆستە, کە ناوچەکانیان هاوسنووری ناوچەکانی فەجری دووە, بە پێی بۆچونی هیلتەرمان (( هێرشی حاجی ئۆمەران هەلێکی بۆ پدك ڕەخساند حساباتی خۆی لەگەڵ عەشیرەتی برادۆستدا یەکلا بکاتەوە, کە ناحەزییەکی کۆنیان لە نێواندا بوو, بەهۆی پێگەی ئەم عەشیرەتەوە لە نێوان قەڵەمڕەوی بارزانی و سنوری ئێراندا. میلشیاکانی برادۆست بە پشتگیریی بەغدا رۆڵێکی بەرچاوی بەرگریکردنیان بینی لە ناوچەی عەشیرەتەکەیان. بە پێی سروشتی سیاسەتی کوردی, ئەوە

بوو که دوژمنایەتی پدك بۆ عەشیرەتی برادۆستی و دژایەتی مێژوویی نێوان پدك و ینك, هاوپەیمانییەکی تەکتیکی لێکەوتەوە یەکەم لە نێوان ینك و برادۆستییەکان و دواتر لە نێوان ینك و ڕژێمی بەغدا - کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنە ل118)).

هەروەها هەمان ئۆپەراسیۆن لێکەوتەی دیکەشی لێکەوتەوە بەهۆی گرتنی بنکەکانی دیموکرات لە حاجی ئۆمەران (( حاجی ئۆمەران ناکۆکی ینك و پدکی قوڵتر کردەوە, پەیوەندی بەهێز بوو لە گەڵ قاسملوو - کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنەل42)).

حاجی ئۆمەران ینکی بەرەو گفتوگۆ برد

ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران یاخود فەجری دوو, نەیارانی ئۆپەراسیۆنەکەی یەك خست, هەر ئەمەش وایکرد دوای شەڕەکە بە ماوەیەکی کورت گفتوگۆی بەعس لە گەڵ ینك ئاشکرا ببێت و ئاگربەس رابگەیەنن, هەرچەندە پەیوەندییەکان بۆ ماوەیەك پێشتر دەگەڕێتەوە" ... رژێم لە کانوونی دووەمی 1983دا لە رێگەی عەبدوالڕەحمان قاسملووە بە نهێنی کەوتە گفتوگۆوە لە گەڵ ینك - کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران-عێراقدا, عادل سدیق عەلی, 2018, ل 105" , لە مانگی فیبریوەری هەمان ساڵ شاندی بەعس لە سر سنوور بینراوە.

پارتی لەو کاتەدا ململانێ و شەڕی توندی لەگەڵ حدکا هەبوو, ئەوەش بە بەشێك لەو جەنگە هاتە ژماردن, لە ساڵی 1979ەوە لە گەڵ یەکدا چەند خولی شەڕی قورسیان ئەنجام دابوو, تا گەیشتە ئەوەی پارتی بەشداری لە هەندێك شەڕی گرتنەوەی شارو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات, هلتەرمان ئاوا باسی ئەم لایەنە لە جەنگەکە دەکات (( یەکەمین تۆمارکردنی هێرش و پەلامارەکانی گاز بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە, لە تەموز و ئابی

ساڵی1983دا بوو, کاتێك هێزەکانی ئێران و عێراق کەوتنە شەڕێکی سەختەوە لە چیاکانی سەروی حاجی ئۆمەرانەوە, کە شارۆچکەیەکی سەر سنوورە لە کوردستانی عێراقدا, شەڕەکە , بێجگە لە هێرشی وەلفەجر دووی ئێرانی, بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەستی دەرپەڕاندنی یاخیبووە کوردە ئێرانیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا)ی سەر بە عەبدالڕەحمان قاسملوو بوو, پاشان جێگیربوون لەو شوێنەدا کە یاخیبووان چۆڵیانکردو بۆ ناو عێراق پاشەکشەیان کردبوو, لەم هێرشەدا گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق دایانە پاڵ هێزەکانی ئێران و بەرچاوترینیان (پ د ك)ی مەسعود بارزانی بوو, لە گەڵ هەندێ تاقمی تازە پەیدا بووی فەیلەقی بەدر و میلیشیای چەکداری سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق, کە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی شیعە بوون, ساڵی1982 لەسەر دەستی ئێران درووست بوون و بنکە و بارەگاکانیان لە تاران بوو, لەملاشەوە نەك تەنها (حدکا) پاڵپشتی هێزەکانی ئێراقی دەکرد, بەڵکو ئەو کوردە ئێراقیانەی ناوچەکەش کە ناحەزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و بە تایبەتی هێزێکی عەشیرەتی برادۆستی کەوا سەرۆکەکەی کەریم خانی برادۆستی موستەشار بوو, دواتر سەدام چەندین جار مەدالیای ئازایەتی پێ بەخشی - کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح توفیق-کۆمپانیای ئاوێنە(ل38-39) )).

ئێران و پارتی پێویستان بە فەجرێك هەبوو!

هەردوولای لایەنی پەلاماردەر" ئێران و پارتی" پێویستیان بەو جەنگە هاوبەشە هەبوو, هەردوولاشیان پێویستیان بە سەرکەوتن هەبوو لەو کات وساتەدا, پارتی بەهۆی سەرکەوتنەکانی ینك بەسەر بەرەی جود لە قەندیلی یەك ناسراو بە قڕناقاو پشت ئاشان, بە سەرکەوتنێکی سەربازی دەیەویست سارێژی برینەکە بکاتەوە, چونکە هەیبەت کە بە کاری سەربازی تێکشکا, تەنها بە لولەی تفەنگ دەگەڕێتەوە, هەرچەندە ئەو تەنها لە روی قەڵەمڕەوییەوە دەرکرابوو, دەنا زیانە مرۆییەکانی پەلامارەکان زیاتر لە

شیوعی و حسك و پاسۆك كەوتبوو. ئێرانیش بۆ بەرینكردنەوەی بەرەی جەنگ و قەرەبووی زیانەكانی باشوور پێویستی بەم سەركەوتنە هەبوو تا ورەی هێزەكانی پێ بەرز بكاتەوە, ئەم پێویستییە بووە دەستپێكی مۆدێلێكی كاری هاوبەش لە نێوان هەندێك لایەنی كوردی و ئێران, ئێران وەك سودمەندی یەكەم لەم تاقیكردنەوەیە دەرچوو و براوەی كایەكە بوو.

حسیك هەڵوێستی چی بووە لەسەر فەجری دوو؟

بۆ مێژوو بە وتەی شایەدحاڵێك پێش هێرشەكەی ئێران بۆسەر حاجی ئۆمەران, هێزێكی چەند نەفەری پاسداران دێنە كوێستانەكانی هەڵگۆرد, لەوێوە پەیوەندی دەكەن بە هێزێكی حسیك ەوە كە لەو ناوچەیە دەبێت داوای هاوكاریان لێدەكەن, تا مەفرەزەیەكیان بچێتە دۆڵی روستێ، دواتر ئاشكرا دەبێت كە مەبەستیان لە گەیشتن بەو ناوچەیە تەقاندنەوەی پردەكان بووە لەسەر رێگای هاملتۆن بە تایبەت پردی بەرسیرین, سەبارەت بەو داوایە هەریەك لە سەید كاكە و مامۆستا سەعد عەبدوڵا رازی دەبن, بەڵام ئەو هێزەی ح س ی ك كە خەڵكی ناوچەكە دەبن و فەرماندەكەیان شەهید ئەحمەد فەقێ رەش دەبێت لەگەڵ كادیرەكانی حسیك دژ بەو داوایە دەوەستنەوە بە تایبەتیش ئەنوەری سمایل ئاغا, بۆیە هەوڵی سوپای پاسداران لە تەقاندنەوەی پردی بەرسیرین لەسەر جادەی هاملتۆن شكست دێنێت, تەقاندنەوەی ئەم پردە رۆڵی تەقاندنەوەی پردی زەڵمی دەبینی لە كاتی گرتنی هەڵەبجە لە رووی سەربازییەوە, بگرە بەهۆی هەڵكەوتەی ناوچەكە كاریگەرتریش بوو.

وەك كاردانەوەیەك بەرامبەر هاوكاری نەكردنیان لە لایەن حسكەوە هێزەكەی پاسداران ئەو چەند چەكە دەبەنەوە كە بڕیار بوو بیدەنە هێزەكەی سەید كاكە, كە بریتی بوو لە قەناسێك و بیكەیسیەك و چەند چەكێكی سووكی تر, بەم شێوەیە حسیك كە لەو كاتە هێزی یەكەمی ناوچەی هەولێر بوو بەشداری ئۆپەراسیۆنەكە نابێت.

چی وتراوە لەسەر هۆکاری جینۆسایدکردنی بارزانییەکان؟

بەهانەی بەعس بۆ نێر قڕِکردنی بارزانییەکان کە ژمارەیان 8000 نێرینە بوو, تۆڵە کردنەوە بوو لە پارتی و سەرۆکەکەی لە ئاکامی ئەو هێرشە هاوبەشەیان لە گەڵ ئێرانییەکان کردیان بۆ سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران وگردمەند بەناوی فەجری دوو لە 20-7-1983 بۆ ماوەی دوو هەفتە, با بزانین لە روانگە جیاجیاکانەوە, ئەوانەی بەشێك نین لە ململانێی ینك و پدك بە تایبەت بیانییەکان چی وتراوە سەبارەت بە هۆکاری ئەو پەرچە کردارە فاشیستانەیەی بەعس.

سامانسا پاوەر نووسەری ئەمەریکی بە رەچەڵەك ئێرلەندی و باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: کوردەکان هەمیشە فورسەتخواز بوون, کاتێکیش جەنگی ئێراق-ئێران دەستیپێکرد, هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کورد بونە هاوپەیمانی ئێران. لە ساڵی 1982 دا یەکێك لەم لایەنە سەرەکیانە (لایەنگری بارزانی) یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا بۆ گرتنی شارێکی سنووریی, بە ناوی حاجی هۆمەران. هێزەکانی ئێراق بە شینەیی تۆڵەیان کردەوە نزیکەی 8000 پیاوی کوردی سەر بە خێڵی بارزانیان دەستگیرکرد, لە ناویاندا 315 منداڵ هەبوون, تەمەنیان لە نێوان هەشت و حەڤدە ساڵاندا بوو.

سەدام گوتی: خیانەتیان لە وڵاتەکەیان و لە یاسا کرد, ئێمەش سزایەکی توندمان بۆ برینەوە و چوونە بۆ دۆزەخ." بەشی 3 ئەمەریکا و ئانفال ئەنفال و ئامەریکا-سەمانسا پاوەر -و.بەختیار کەریم ".

هەرچی یۆست هلتەرمان بەرپرسی پێشووی دۆسیەی ئەنفال لە رێکخراوی هیومان رایتس لەو بارەیەوە دەڵێت: رووداوەکانی حاجی ئۆمەران سێ دەرەنجامی گرنگی لێکەوتەوە, بۆ سزادانی (پدك) لە بەر ئاسانکاریی کردنی

بۆ سەرکەوتنی ئێرانیەکان لە حاجی ئۆمەراندا, ڕژێمی بەعس تەواوی نێرینەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی ڕاپیچکرد, کە زۆریان لە پاش هەرەسی شۆڕشی ساڵی1975ی بارزانیەوە ناچاری نیشتەجێی کۆمەڵگاکانی دەورووپشتی هەولێر کرابوون, لە30تەموزدا لە نێوان 5000تا8000 پیاوی بارزانی, کە ژمارەی ڕاستەقینەیان بە تەواوی نازانرێت-گیران و ڕاپێچکران و هەرگیز جارێکی دیکە نەبینرانەوە, دوو مانگ دوای سەدام حوسێن لە وتاردانێکدا بێ سێ و دوو وتی:" ئەوانەی خیانەتیان بە نیشتمان وپەیمان کرد و ئێمە بە سزای سەختمان گەیاندن و ڕەوانەی دۆزەخمان کرد". ئەم تۆڵە سەندنەوەیە, بۆ ئاگادارکردنەوەیەکی هاوشێوەی میتۆد و ئەنجامی شاڵاوی ئەنفالی ساڵی1988ی تێدا بوو, کوشتاری بارزانیەکان بۆ ڕژێم رۆڵی ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردنی بینی بۆ کوردیش خۆی تامکردن و چەشنێکی بچووك بوو بۆ ئەوەی کە دواتر روویدا (کارێکی کیمیاوی -ل41-42 ). باشە بۆ سەرکردایەتی ئەو پارتانەی بوونە چاوساغی ئێران بۆ تامی تاوانەکەیان نەکرد و لەو راهێنانە ساقیت بوون سەدام کردی, کوردیان جینۆساید خواردی کرد بە هێنانەوەی ئێران نزیك 20 جاری دی.

هەردوو ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باس لەم شەڕە هاوبەشەی پارتی و ئێران دەکەن بەم شێوەیەی خوارەو ئاماژە بە هۆکاری قڕکردنەکە دەدەن: KDP ئەو دەمە یەکێك لە کوڕانی بارزانی, کە مەسعود بوو, سەرکردایەتی دەکرد و هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ تاراندا زیندوو کردبوەوە و لە ساڵی 1983 دا دەستەکانی KDP یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا لە گرتنی شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنوور.

تۆڵەی ئەمەش خێراو کتوپڕی بوو! لە عەمەلیاتێکی لە ناکاودا بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی بارزانییە ڕاگوێزراوەکانیان تێدا نیشتەجێ کرابوو , هێزەکانی عێراق لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار نێرینەیان رفِاند کە تەمەنیان لە دوانزە ساڵ وەبان بوو. ئەوانە جارێکی تر هەرگیز نەبینرانەوە بە زۆری وا پێدەچێت کەوا پاش ئەوەی چەندین مانگ بە دەست بەسەری ماونەتەوە,

هەموو کوژراون (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل53 )) .

هەر لە پەیوەند بەم دۆسیەیە رۆژنامەنوسێکی عەرەب دەنوسێت".... ئێران توانیی هەردوو ناوچەی حاجی ئۆمەران (9) لەمانگی تەمموزی 1983 و پێنجوێن(10) لەتشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا(3) داگیربکات، لەبەرامبەر ئەوەدا سەدام حسێن هەستی بەمەترسیی رەوشەکە کرد لەبەرەی باکوور، بۆیە بەدوو شێواز هەوڵیدا رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە:

یەکەم: تۆڵەکردنەوە لەو بارزانیانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی عیراق نوێنەرایەتی دەکردن، بە بیانووی یارمەتیدانی ئێران بۆ داگیرکردنی ناوچەی حاجی ئۆمەران.

لەو پرۆسانەی هێزەکانی رژێمی سەدام حسێن لەساڵی 1983دا ئەنجامیدا، ئەوەبوو هێزەکانی ئەمنی عام (11) و موخابەرات (12) نزیکەی هەشت هەزار کەسی مەدەنییان لە بارزانییەکان دەستگیرکرد کە لە کۆمەڵگەی (قوش تەپە)ی نزیك هەولێر نیشتەجێبوون‌و لەپاش گواستنەوەیان بە لۆرییە بارهەڵگرەکان، سەرجەمیان بەدەستی رژێمەکەی سەدام کوژران‌و لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ژێرخاك نران(13). هەڵوێستی رۆژنامەگەریی میسری لەبارەی جینۆسایدی گەلی کوردەوە رۆژنامەی ئەهرام بەنموونە د.مەحمود زاید 2013/4/28.

سەدام حوسێن لە وتەیەکدا لە ساڵی 1983 سەبارەت بە هەمان ڕوداو وتی: ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیشیان لە پەیمان کرد. بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن - (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل107-108 ) . دیارە سزادانەکەی سەدام بێ لێکۆڵینەوە بووە, چونکە هێشتا ئۆپەراسیۆنەکە"20-7-1983-4-8-1983" کۆتایی نەهاتبوو, ئەو دەستیکرد بە دەستگیرکردنیان لە ڕێکەوتی 31-7-1983, هیچ بەڵگەیەك نییە ئەو خەڵکە سڤیلە پەیوەندییان بەو ئۆپەراسیۆنەوە هەبووبێت.

(( سەدام لەسەر تەلەفزیۆن وتی ئەمانە خیانەتیان  لە وڵات و لەپەیمان کرد و بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و  ڕەوانەی دۆزەخمان کردن- ل204 )).(( گرتنی بەشێك لە ناوچە ستراتیژییەکانی حاجی ئۆمەران و  دەوروبەری و شکستی لەشکری عێراقی لە ناوچەکەدا بەرامبەر بە لەشکری ئێران. ئەمەش بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو بارزانییەکاندا و دڵدانەوەی هەڤاڵان و هەوادارانی بەعسییەکان و زیندوکردنەوەی دەروون و ورەی روخاوی سەربازانی جەنگی قادسیە )).

(( میدل ئیست ۆچ لە پەرتووکی جینۆساید لەعێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورددا دەڵێت: هۆکاری گرتنی بارزانییەکان گرتنی شارۆچکەی حاجی عومەران بوو - شێواز میکانیزمی جینۆساید و دیمۆسایدی بارزانییەکان -رَێکار مزوری - ل204کۆنگرەی بەجیهانناساندی جینۆسایدی گەلی کورد-2008-چاپخانەی دەزگای ئاراس)).

کەواتە بۆچوونێکی هاوبەش هەیە لەسەر ئەوەی فەجری دوو هۆکاری جینۆسایدی بارزانییە بێ تاوانەکان بوو, لە هەمبەر هەڵەی پارتێکی سیاسی, خەڵکانی سڤیل باجەکەیان داو سزا دران لە لایەن بەعسی  فاشییەوە.

009647503714620